# گروپەکانی سەر بە تورکیا لە ڕۆژئاوای کوردستان ماڵی هاوڵاتییەکی کورد دەدزن

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، ماڵی هاوڵاتییەک بەناوی "عارف محەممەد عەلی"، دانیشتووی گوندی ئەراندای سەر بە شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان دزرا، لە ناوەڕۆکی ئامێرە کارەباییەکانی دزرا و بڕێک پارە کە بڕە زیاتر لە شەش هەزار لیرەی تورکی خەمڵێنرابوو لەلایەن گروپێکی سوری سەر بە تورکیاوە.

بەپێی ماڵپەڕی عەفرین نیوز، دراوسێکانی هاوڵاتی کورد "عارف" پشتڕاستیان کردەوە کە ئەو گروپەی سەر بە تورکیایە و یەکێک لە خانووەکانی هاوڵاتیەکی کوردیان دزی.